# ئەنۆشکا شانکارای گوزارشت لە کارەساتی پەنابەران دەکات



ئەنۆشکا شانکارای کچی رافی شانکاری ژەنیاری بەناوبانگ و ئەفسوناوی هیندستان و بە یەکەم ژەنیاری ئامێری سیتار دادەنرێت لە جیهان و هەڵگری ناوی رافی شانکاری باوکیەتی، ئەنۆشکا ساڵانە زیاتر لە ٨٠ نمایش پێشکەش دەکات و بە یاوەری چەندین هونەرمەندی جیهانی بەشداری لە سازکردنی ئاهەنگ و کۆنسێرت کردووە وەك: مادۆنا، ستینگ، نینا سیمۆنی، هێربی هانکۆك، ئالتۆن جۆن، پیتەر گابرییل و جایمس تایلۆر، ئەم کچە هونەرمەندە سەرەتا لەگەڵ باوکی بەشداری دەکرد، بەڵام دوای کۆچی دوایی باوکی بەردەوام بوو لە سەرکەوتنەکانی تا گەیشتە ئاستی گەورەترین ئەستێرەکانی موزیکی جیهانی.

ئەنۆشکا دوای ئەوەی چەند دیمەنێکی پڕ نەهامەتی پەنابەرانی بینی، ئەلبومێکی نوێی بڵاوکردەوە کە گوزارشت لە نەهامەتییەکانی پەنابەران دەکات، لەم بارەیەوەش وتی: دیمەنی پەنابەران کاریگەرییەکی زۆریان لە من کرد، چونکە من لە ماڵی خۆم دانیشتووم و بە باشترین شێوە خۆراك پێشکەش بە منداڵەکانم دەکەم و گشت پێداویستییەکانیان دابین دەکەم، لە هەمان کاتدا دەبینم کە هەزاران کەس لە ترسی شەڕ را دەکەن و لە بچووکترین ماف و پێداویستییەکانی ژیانێکی ئاسایی بێبەشن، بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی گوزارشت لە مەینەتییەکانیان بکەم و بۆ من موزیك باشترین ڕێگایە بۆ وەڵامدانەوە و گوزارشت کردن لە هەستی خۆم دەربارەی ئەم پرسە.لە ئەلبومە نوێیەکەیدا کە بە ناوی زەوی زێڕ- لاند ئۆف زە گۆڵد) ە هەر یەکە لە ئەکتەری بەریتانی ڤانیسیا ریدگریف و گۆرانیبێژی راپی جیهانی (ئێم ئای ئەی) بەشداری تێدا دەکەن باس لە مەینەتی پەنابەران دەکات.

ئەنۆشکای تەمەن (٣٤) ساڵ کە لە لەندەن لە دایکبووە و لە ئەمریکا گەورە بووە و بەشێکی ژیانیشی لە هیندستان بەسەر بردووە لە ژینگەیەك کە کەلتووری جۆراوجۆری تێدا بووە ئەمەش وایکردووە کە زیاتر هەست بە ئازارەکانی پەنابەران بکات، لەم بارەیەوە دەڵێ: من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بە ئازادی دەژیم و لە نێو چەندین کەلتووری جیاوازدا گەورە بووم، ژیانی منیش ئەنجامی ئەم فرە کەلتووری بووە، من بڕوام بە جیهانێك هەیە کە کەلتوورەکان ببەزێنێت کە تێیدا ڕێزی هاوبەش و پێکەوە ژیان تێیدا زاڵ بێت، ئەنوشکا تا ئێستا پێنج خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە، شانکاری باوکی بە ژەنینی سیتار لە رۆژئاوا ناسراوە و لە ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ جۆرج هاریسۆنی ژەنیاری



تیپی (بیتلز) بەشداری چەند ئاهەنگێکی کردووە و داهاتەکەی بۆ پەنابەرانی بەنگلادش بوو کە ئەو کات بە دەست توندوتیژی و کاریگەرییەکانی زریانێکی بەهێز دەینانناڵاند.

## ● ڕووداوێکی دڵتەزێن

ئەنۆشکا کە هەمیشە لەگەڵ باوکی بەشداری لە ئاهەنگەکاندا دەکرد بە ژەنینی ئامێری سیتار بەم دواییە نهێنییەکی ناخۆش و سەختی ژیانی خۆی ئاشکرا کرد، کاتێك لە پەیامێکدا رایگەیاند کە لە تەمەنی منداڵیدا دووچاری دەستدرێژی سێکسی بۆتە و هۆکارەکانی درکاندنی ئەم نهێنییەی لە چوارچێوەی هەڵمەتی (ملیار دەنگ) بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە مێینە لە شریتێکی ڤیدیۆییدا روونکردەوە و گوتی: « لە تەمەنی منداڵیمدا و بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە بەردەوام لەلایەن کەسێکی نزیکی خانەوادەکەمەوە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوومەتەوە، زۆر هەوڵمدا ئەو نهێنییە بپارێزم، بەڵام بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم هەڵمەتە و بۆ ئەوەی دەنگی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی ئەو ئافرەتانەی رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی و توندوتیژی دەبنەوە بڕیارم دا ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەم کە چەندین ساڵە لە ناخی خۆمدا هێشتۆتەوە و نەمدرکاندووە، چونکە هەست دەکەم ئێستا کاتی هاتووە بۆ ئەوەی روونی بکەمەوە کە ئافرەت لە هەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت ئەگەری هەیە رووبەڕووی توندوتیژی ببێتەوە.

ئەنوشکا هەروەها دەڵێ: کاتێك گەورە بووم وەك زۆربەی ئافرەتان درکم بەوە کرد کە دووچاری چەندین شێوەی جیاجیای توندوتیژی بوومەتەوە، بەڵام نەمدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکەم و چۆن بتوانم ئەو واقعەی تاڵەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ تێیدا دەژیام بیگۆڕم، تاکو لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە پێویستە ئەم نهێنییە بدرکێنم و راپەرینێك بەرپا بکەم بۆ رزگارکردنی ئافرەتان وڵاتەکەم و بەشدارییەکی کاریگەر بکەم لە هەڵمەتی (ملیار دەنگ).

ئەنۆشکا بەوە ناسراوە کە ڕێچکەیەکی نوێی هێناوەتە نێو موزیکی کلاسیکی هیندی، چونکە ئامێری سیتاری تێکەڵ بە تەپڵ و گیتار و فلامینگۆی ئیسپانی و موزیکی راجی هیندی کردووە بەشێوەیەکی جوان و بەم تێکەڵ کردنە فەنتازیەکی لە موزیك درووستکردووە.

ئەلبوومی (تراڤیلرز) کە ساڵی ٢٠١١ بڵاوی کردەوە شەشەم ئەلبوومی تایبەتی خۆیەتی و سەرکەوتنێکی بەرچاو و بێ وێنەی بەدەستهێنا، چونکە گەڕانەوەیە بۆ موزیکی کلاسیکی فلامنگۆی ئیسپانی لەسەر هێڵێکی هاوبەشی موزیکی قەرەجەکان لە وڵاتی راستەقینەی خۆیان لە راجستان و تێپەڕبوونیان بە عێراق و ئێران و ئەرمینیا تا دەگاتە ئیسپانی بەمەبەستی پتەوکردنی پێوەندیی بەتینی نێوان موزیکی هیندی و ئیسپانی.

# هوەیدا: هونەری ئێستا ڕۆحیەتی هونەری تێدا نییە

خانمە هونەرمەندی سووری هوەیدا کە ماوەیەك یەکێك بوو لە ئەستێرە ناسراوەکانی بواری گۆرانی، لە دیمانەیەکدا گلەییەکی زۆر لە بارودۆخی ئێستای هونەر بەگشتی دەکات و ۆخی سیاسی و ڕووداوەکان ئەم دواییەی ناوچەکە بە بەشێك لە هۆکارەکانی ئەم پشێوییە دادەنێت.

لەم بارەوە هوەیدا دەڵێ: بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کاریگەری لە سەر هەموو لایەکمان هەبووە، بەتایبەتی لەسەر هونەرمەندان، بەڵام خەڵکانێکیش ئەو بارودۆخەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا قۆزتەوە و بوون بە ئەستێرە. بۆ من وەك هوەیدا کاریگەرییەکەی زۆر سلبی بووە، واتە بۆ من و چەندین هونەرمەندی دیکە کە سەردەمێك لە لوتکەدا بوون کاریگەری نەرێنی هەبوو و وایکرد بۆ من هونەر وەك ساڵانی پێشوو نەمێنێت.

هەر لە درێژەی دیمانەکەدا سەبارەت بە هونەری



# دلبەر جزیری: نابێ کەلتووری خۆمان ون بکەین

دلبەر جزیری یەکێکە لەو کچە کوردانەی کە سەرەڕای کەمی ئەزموون بەرهەمەکانی ئەوەی سەلماندووە کە لە ئاستێکی بەرزی هونەریدایە و ئەگەر دەرفەت هەبێت، ئەوا دەتوانێت کاری جوانتر پێشکەش بە هونەری کوردی بکات و لەم ڕووەوە خزمەتێکی زۆری بکات.

دلبەر لە لێدوانێکیدا دەربارەی گرنگی پاراستنی کەلتووری کوردی دەڵێ: من لە ئەورووپا لە دایکبووم، بەڵام دایك و باوکم بەشێوەیەك پەروەردەیان کردووم کە کەلتووری خۆم ون نەکەم و بەر لەوەی فێرە زمانی ئەڵمانی بم، ئێمەیان فێرە زمانی کوردی کردووە، بەڕای من پێویستە هەموو کوردێك لە ئەورووپا سەرەتا فێرە زمانی کوردی ببن، سەبارەت بە گۆرانی و کلیپەکانیش بە هەمان شێوە هەموو کەسێك ئازادە، من بۆخۆم زۆر حەز لە جلوبەرگی جوان دەکەم، بەڵام پێویستە کەس کەلتووری خۆی لەبیر نەکات، هەروەها لە کلیپەکانیشمدا زیاد لە پێویست سەمام نەکردووە، ئەگەرچی من لە بواری سەماکردنیشدا توانایەکی زۆرم هەیە، بەڵام نەمویستووە لە گۆرانییەکی کوردی هونەرمەند سەمایەکی ئەمریکی، یان ئەورووپی لەگەڵدا ئەنجام بدات، سوپاس بۆ خوا تا ئێستا بە پۆزەتیف باس لە کلیپەکانی من کراوە، ئەمەش بۆ من مایەی شانازییە.



جاران و ئێستا هوەیدا دەڵێ: بێگومان جیاوازییەکی زۆریان هەیە و هونەر ڕۆحیەتی پێشووی نەماوە، تەنانەت ناتوانین پێی بڵێین هونەرە، بەڵکو زیاتر بازرگانی و بەرنامەیە و ئەو شتەی پێشکەشیش دەکرێ زیاتر بە پێچەوانەوە بۆ سەر هونەر دەگەڕێتەوە، واتە لە جیاتی پێشخستنی هونەر دەبێتە هۆی دواکەوتنی، چونکە ئەمانە بە بەرهەمێکی زۆرەوە دێن، بەڵام لە ئاستێکی بەرزدا نین، واتە تەنیا لە چەندایەتییەوە زۆرن و لە چۆنایەتی ئاستیان نزمە.



# دیپیکا: بۆ ئێمە بۆلیۆد لە هۆلیۆد کەمتر نییە

کچە ئەکتەری ناسراوی هیندی دیبیکا بادکۆن پێیوایە بۆلیۆد خزمەتێکی زۆری بە سینەمای جیهانی و بینەر و هەوادارانی سینەمای گەیاندووە لە سەرتاسەری جیهان نەك تەنیا لە هیندستان و دەوروبەری و ئێستا ئەستێرەکانی بۆلیۆد لە ئاستێکی بەرزدان و خاوەن جەماوەری زۆرن.
دیبیکا زیاتر دەربارەی بۆلیۆد دەڵێ: بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم پیشەسازی سینەمای بۆلیۆد هەنگاوی زۆر باشی بڕیوە و لە زۆر رووەوە پێشکەوتووە، لەوانە تەکنیکی سینەما و بوونی ئەکتەری زۆر بە توانا و جەماوەری زۆر لە سەرتاسەری جیهان، ئەمانەش خاڵی سەرەکین بۆ سەرکەوتنی سینەما، لە بارەی بەرهەمهێنانی فیلمیشەوە ئێستا لە ئاستێکی زۆر بەرزدان و ساڵانە بە سەدان فیلمی سینەمایی جۆراوجۆر لە بۆلیۆد بەرهەم دەهێنرێت و لە بارەی فرۆشتنی پلیتەکانیش لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.
دیبیکا ئاماژەی بە خاڵێکی دیکە کرد دەربارەی بۆلیۆد و بە خاڵێکی گرنگی زانی و وتی: بە ڕای من بۆلیۆد هیچی لە هۆلیۆد کەمتر نییە، چونکە ئێستا ئەستێرەکانی بۆلیۆد بەشداری لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان و فیلمەکانی هۆلیۆددا دەکەن و بە پێچەوانەشەوە بەشێکی زۆر لە ئەستێرە جیهانییەکان لە فیلمەکانی بۆلیۆددا بەشداری دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئاستی جیهانیش پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.



# ژیان ئیبراهیم خەیات.. تەمەنێک لە خزمەتکردنی هونەری کوردیدا

جاران هونەرمەند و دەرهێنەران زۆر گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بوونی ئافرەتی لە بواری هونەر بە گشتی زۆر کەمە یاخود نییە و کار گەیشتبووە ئەوەی کە هەندێك لە هونەرمەندە پیاوەکان رۆڵی ئافرەت ببینن بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، بەڵام لە ئێستادا بە سەدان ئافرەتی بوێر لە مەیدانی هونەردا بوونیان هەیە. ژیان ئیبراهیم خەیات کە لە خانەوادەیەکی هونەری لەدایکبووە، یەکێکە لەو ئافرەتە بەتوانا و بلیمەتانەی بواری نواندن. سەرەتای کاری هونەری ئەم هونەرمەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ کە چووەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و لە پەیمانگادا بەشداری لە کاری هونەری کردووە، یەکەم کاری هونەریشی کە بەشداری تیاداکردووە شانۆیی (رەزامەندی) بووە وەك هونەرمەندێك کە چەند ساڵێکە لەم بوارەدا کار دەکات چەندین خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە .

وەك خاتوو ژیان خۆی باسیدەکات هەڵبژاردنی هونەری نواندن خولیای خۆی بوو هەرلە تەمەنی منداڵییەوە حەزی لەکاری نواندن بوو لەلاسایی کردنەوە بوو، دواتر چۆتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و هەرلەو بارەیەوە دەڵێت: من لە منداڵییەوە لەگەڵ خوشك و براکانم کاری نواندنم لە ماڵەکەی خۆماندا دەکرد، خۆشەویستیم بۆ کارەکەم و حەز و ئارەزووەکانم وایکرد، بەردەوام بم و هەریەك لە خوشك و براکانم بوارێکی تری هونەریان هەڵبژاردووە، هیچ جیاوازییەکیش لە بواری هونەردا نابینمەوە هەموویان تەواوکەری یەکترن، شانۆ، یان موزیك یاخود گۆرانی وتن، خۆشەویستیمان بۆ کارەکە توانیومانە هەریەکەمان بە شێوەیەکی باش دەربکەوین لە بواری هونەریدا.

سەبارەت بەو کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەر کاروانی هونەری ئەو هەبووە، خاتو ژیان دەڵێ: خۆم بە قەرزاری مامۆستاکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان دەزانم، بەتایبەتی مامۆستا عوسمان فارس ئەوکاتە وانەی نواندنی پێ دەوتینەوە، مامۆستایەکی زۆر باش و کارامەو لێهاتوو بوو، جگە لەو مامۆستایانی بەڕێزم مامۆستا (ئەحمەد سالار و بەدیعە دارتاش و کەمال ڕەئوف هەنجیرە) خۆم زۆر بە قەرزاریان دەزانم و ئەوان فێری خۆشەویستی شانۆیان کردم و کاریگەرییان لەسەر من هەبووە لە کاروانی هونەریمدا.

کەسایەتی هونەرمەند هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەکردن رۆڵ لە کاری نواندندا، لەم بارەیەوە خاتوو ژیان دەڵێ: هەر رۆڵێك کە دەرهێنەر پێمی بسپێرێت و دڵنیا بم تێدا سەرکەوتوو دەبم، ئامادەم بەرجەستەی بکەم، بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنی رۆڵ لە هەر کارێکی هونەریدا زۆر قورسە، تا ئەو رۆڵەی کە دەیبینیت دەبێت کەسایەتییەکی باشی هەبێت و کاریگەرییەکی باشی هەبێت لە ناو خەڵکدا، ئەوەی لە ناخمدا هەبووە، توانیومە وەك خۆی بیگەیەنم، هەستم بە ئازاری ئەم گەلە کردووە، رەنگدانەوەی لەسەر ئافرەت هەبووە، بەڵام رۆڵی دایك گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی منداڵ بەگشتی ودایکی منیش بەتایبەتی، بەهۆی ئەوەی باوکم سەرقاڵی سیاسەت و کاری هونەری بوو، زیاتر دایکم کارەکانی ناوماڵی دەکرد، بۆیە من زۆر پەیوەستم بە دایکمەوە، ئێستاش دایکم هاوڕێیەکی زۆر نزیك و خۆشەویستمە.

ژیان ئیبراهیم خەیات پێیوایە کە ئافرەتی کورد لە بواری هونەریدا هەنگاوی زۆری هاویشتووە و لەم بوارەوە دەڵێ: ئێستا ئافرەت ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە، بەگشتی هەست دەکەم لەکاری هونەریدا بەرەو پێش دەروات و دەتوانم بڵێم خەریکە پێشی پیاوەکانیش دەدەنەوە. زۆر زۆر گەشبینم، هەندێ ئافرەتیش هەیە لەوانەیە زۆر بەهرەمەند بێت لە هەموو بوارەکانی هونەردا، بەڵام زۆر جار بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان ڕێگایان نادەن بێن نێو بواری هونەرەوە کە ئەوەش بە ڕێگرییەکی سەخت دادەنرێت لە بەرامبەر ئافرەتانی کورد، بۆیە لەوانەیە ئافرەتی زۆرباشمان هەبێت کە لەناخی خۆیدا بتوانێت هونەرمەندێکی زۆر باشی لێ دەرچێت.

سەبارەت بە کەسایەتی هونەرمەند و کاریگەریی لەسەر هونەرمەندیش دەڵێ: لەلای ئێمە چەند هونەرمەند هونەرمەند بێت هونەرەکە دەبەستنەوە بە کەسێتی ئەو کەسەوە واتا ئەو کەسە تاکو چەند بەڕێزبێت لەناو خەڵکدا، بەڵام لە وڵاتان وانییە ئەگەر ئەکتەرێکی باش بێت و ئەگەر کەسێتی خۆی هەرچیەك بێت پەسەندە لەلای خەڵك وکۆمەڵگە، بەڵام لەلای ئێمە بەپێچەوانەوەیە.

سەبارەت بە جەماوەری شانۆ و دراما پێیوایە کە جەماوەری شانۆ کەمتر بوو و لەم بارەوە دەڵێ: دەرهێنەران زیاتر لەبواری دراماو سینەما وفیلمدا کار دەکەن هەست دەکەن، چونکە ئەمانە زیاتر دەچنە ناو خەڵکەوە و زۆرترین کەس دەتوانن بیبینن، بۆ نموونە کاتێك شانۆگەریەك نمایش دەکرێت نوخبە وئەوەی کە حەزی لەشانۆیە دەچێت و خەڵك بە گشتی ناچێت بۆسەیر کردنی شانۆ، بەڵام زنجیرە درامایەك لەڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەچێتە هەموو ماڵێك و کەس ناچێتە دەرەوە بۆ بینینی بەڵکو خۆی دەچێتە هەموو ماڵێکەوە.

شانۆ هەر بووەو هەر دەشکرێت و هەر دەشبێت، ڕەنگە هەندێك لە کارەکان لە ئاستی پێویستدا نەبن، بەڵام کاری باش و جوانیش هەبووە بوون و نەبوونی شانۆ کەمتەرخەمی و ئامادەنەبوونی خەڵکە، خەڵك ئەو ئارەزووەی نەماوە بۆ شانۆ، ئەگەر شانۆییەکی جددیات بکەی لە سێ ڕۆژ تێپەڕ ناکات، لە پەیمانگا ئێمە ساڵی دوو شانۆمان کردووە، چونکە خەڵك پێیەوە پەرۆش بووە، جێگە نەبووەتەوە بۆ بینینی، بە بوونی خەڵك بەردەوام شانۆ زیندووە.

